قایمقامی سلێمانی: لە ئایندەیەکی نزیکدا مەیدانی ئاژەڵان دەگوازرێتەوە

قایمقامی سلێمانی: لە ئایندەیەکی نزیکدا مەیدانی ئاژەڵان دەگوازرێتەوە.

ئەمە پێنج شەممە بەمەبەستی گرنگیدان بە چێنیتی گواستنەوەی مەیدانی کەین و فرۆشتنی ئاژەڵان و چاودێریکردنی شوێنەکە و کارکردن بە پاراستنی ژینگە و سروشتی ناوچەکە ئاوات مەحەممەد، قائیمقامی سلێمانی سەردانی مەیدانی کرین و فرۆشتنی ئاژەڵانی کرد و ئەو پێژانەی بەسەر کردەوە لە نزیکی مەیدانەکە لە قەناغی جێبەجێکردندان و وتی: "لە گواستنەوەی مەیدانەکەدا ڕچاوی بارودۆخی ژیانی هاوڵاتیان و لایەنی ژینگەی و تەندروستی کراوە، و ئەو شوێنە نوێیەی کە بە مەیدانی کرین و فرۆشتنی ئاژەڵان دیاریکراوە بەجۆرێک دیزاین دەکرێت کە لەگەڵ کارو پیشەکە و گرانکاریە ناوچەی و سەردەمیەکاندا بگونجێت".